# کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان

Referendum for Kurdistan

## ڕاگەیاندنی پەیوەست بوونی کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بە "کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان" ەوە

خەڵکی ئازاد یخوازی کوردستان

لایەن وکەسایەتیە نێونەتەوەیی یەکان

هەڵسوراوان و لایەنگرانی کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان

سەرەتا پیرۆزبایی دامەزراندنی کۆنگرەی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان لەهەموو لایەك دەکەین و ئێمە هەمووتان بەبەشداری ئەم هەنگاوە گرنگە دەزانین کە یەکگرتوکردنی هێزی جەماوەری کوردستان وهاوپشتی نێونەتەوەیی خواست و بزوتنەوەکەمانە لەم ڕێکخراوە جەماوەریەدا بۆ بەسەرکەوتن گەیاندنی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان .

ئێمە بە پێی پەیامەکانی کۆنگرەی لەندەن و کۆنفرانسی سلێمانی کە لەمانگی دیسەمبەر 2004 و کانونی دوەمی 2005 دا بەستران لەلایەن کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستانەوە کارمان کرد کە کۆنگرەی جەماوەری رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان پێك بهێنرێت.ئەم پەیامانە پشتیوانی چەندین حزب و ئەندام پەرلەمان و ڕێکخراوەی جەماوەری و هەزاران کەسی لە کوردستان ولەدەرەوەدا لەگەڵدا بووە.هەربۆیە بە پێی پەیامی کۆنفرانسی سلێمانی لیژنەیەکی بەداوچوون پێك هات بۆ کارکردن لە پێناو دامەزراندنی کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان . کاری ئەم لیژنەیە بریتیی بوو لە گەیاندنی پەیامی کۆنفرانسی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بە لایەنە سیاسی و جەماوەریەکان و کەسایەتیەکان و جەماوەری کوردستان و لایەنە هاوپەیمانە جیهانیەکانی خواستی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان و بانگەواز کردنیان بۆ بەشداری و هاوکاری کۆنگرەی جەماوەری رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان. ئەم لیژنەیە لەم ماوەیەی ڕابردوودا هەڵسا بەم کارە و پشتیوانی وهاوکاری ئەو لایەن وکەسایەتی و جەماوەرییانەی کە لەم کۆنگرە وکۆنفرانسانەدا بەشداربوون و ئەوانەش کە نەیانتوانی بوو بەشداری بکەن بەسەر کردەوە و ئامادەییەکانی ئەوانی تەئکید کرەوە.

ئێمە ئێستا لێرەدا بە جەماوەری کوردستان و لایەن وکەسایەتیەکانی دەرەوە و کوردستان ڕادەگەیەنین کە کەمپینی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان بەدوای زیاتر لە پێنج ساڵ کار وچالاکی بەردەوام لە پێناو بەرزکردنەوەی خواستی رفراندۆم وسەربەخۆیی لە کوردستاندا و بەدەستهێنانی پشتیوانی چەندین حیزب وئەندام پەرلەمان وکەسایەتی جیهانی و کۆکردنەوەی پشتیوانی جەماوەریەکی بەرین ئێستا خۆی لە کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستاندا دەبینیتەوە و هێز و ئیمکانات و نفوزی سیاسی و مەعنەوی کەمپینی رفراندۆم دەکاتە بناغەی دامەزراندنی کۆنگرەی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان و لەمەودوا بەناوی کەمپینی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستانەوە کارناکات. بێگومان دەورەی نوێی کاری ئێمە ، دەورەی کاری گەورەتر و کۆکردنەوەی هێزی جەماوەری زیاتر دەبێت. دەورەی خۆئامادەکردن دەبێت بۆ هەنگاونانی گەورەتر بۆ بەدیهێنانی خواستی رفراندۆم وسەربەخۆیی کوردستان و بونە بەدیل و هێزی سەرەکی لە هێنانە مەیدان و پێشڕەوی کردنی خەڵکی کوردستان لە پێناو گرتنەدەستی چارەنوسی کوردستان بەدەست خۆی و هەڵبژاردنی ئایندەیەکی ئازاد و یەکساندا.

کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان داوا لە هەموو لایەنە سیاسی و جەماوەریەکان و کەسایەتیەکان دەکات کە ناوی خۆیان بخەنە پاڵ ئەم کۆنگرەیە و بەشداری لە کۆنگرەی دامەزرێنەریدا بکەن کە لەداهاتوویەکی نزیکدا بەرپا دەکرێت بەبەشداری ئەولایەن و کەسایەتی وجەماوەرەیانەی هاوکاری کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستانیان کردوە. بێگومان بە هاوکاریتان خەباتی خەڵکی کوردستان لە پێناو سەرخستنی خواستی رفراندۆم وسەربەخۆبوندا بەسەرکەوتن دەگەیەنن.

2005/02/14

**TEL:00447795330896 & 07701445961 & 07701549800**
**E.MAIL:** asokamal1@aol.com& zmnaco@yahoo.co.uk - www.kurdistanreferendum.net